# ئایا پۆستی سەرەک کۆماری عێراق و هەرێمەکان لە هەڵبژاردنێکی ئازاد لە سەر ئاستی سەرتاسەری و هەرێمەکان ئەنجام دەدرێت؟؟؟

سەفین محەمەد

ئەوەی باوە بەگشتی بەتايبەت لە ولاتانی ئەوروپای رۆژئاوادا، هەڵبژاردنی ئاندامانی پەرلەمان بە جيا و لەسەر ئاستی شار و شارۆچكەكان ئەنجام دەدرێت و هەر لەهەمان ئاستيشدا پالێوراوان دەنگيان پێدەدرێت و دواتريش براوەكان پۆستی ئەندام پەرلەمانييان پێ دەبەخشرێت. ديارە ئەندامانی پەرلەمان و پەرلەمان خۆيشی دەسەلاتی دياريكراوی خۆی هەيە و دەسەلاتی سەرەك كۆماريش جياوزە و سنووری خۆی هەيە، هەروەها سنووری دەسەلاتی سەرەك كۆماريش دياريكراوە و سەرەك كۆمارەكان دەسەلاتی(موتلەق)يان نی يە.
تا ئەو شوێنەش بە دياريكردنی سەرەك كۆماری عێراق و سەرۆكی هەرێمی كوردستان و..يش دەگەرێتەوە، پێويستە لە رێگەی هەڵبژاردنی سەربەخۆ دياری بكرێت، ئەگەر قەرارە ديموكراسی لە عێراق و كوردستان ئەنجام بدرێت، هەروەها پێويستە لە دارشتنەوەی ياسای دەولەتی عێراق دا سنووری دەسەلاتی سەرەك كۆمار و سەرەك هەرێمەكانيش دياری بكرێت.
دەبێت پێش دياريكردنی سەرۆكەكان سنووری دەسەلاتيان دياری بكرێت و زەمينەی دروستبونەوەی سەرلەنوێ ی سەرۆكە(موتلەق)ەكان رێ ی لێ بگيرێت. ئەمە تاكە رێگەی دروستبوونی هەلومەرجێكی وايە كە كۆمەلانی خەلك كە ساڵەهايە لە ژێردەستی دەسەلاتی سەرەكە ديكتاتۆرەكان نالاندويانە، هەر لە كوێرە دێ يەكانی كوردستانەوە بگرە تا دەگاتە سەۆكە ديكتاتۆريەكانی حكومەتی عێراقی. لەزەتێك ئەگەر كەميشە و ناتوانێت تامەزرۆی كرێكاران و زەحمەتكێشانی بۆ ئازادی و يەكسانی ناشكێنێت بەلام ئەگەر تاكە رێگەيەك بۆ رێگرتن لە دروستبوونەوەی سەرەكە (موتلەق)ەكان دياريكردنی سنووری دەسەلاتی سەرەكەكانە هەڵبژاردنيانە نەك دانانيان لە سەرەوە!

2005/2/13